# چەپکێک نامە

ئا: سەرنووسەر


*** نامەی یەکەم**

**لە ئازادەوە (١)**

ماموستای بەڕێزم

زۆرم پێ خۆش بوو کە ئەم چەند قسەیەت لۆ بنووسم، کە لەوانەیە پێت خۆش بی و(ە) کەیفت بەم جۆرە شتانە بێ و(ە) سوودێکیشی لێ وەربگری.

لەم چەند ڕۆژانە کە مانگی (موحەڕەم)ە و(ە) مانگی کوشتنی ئیمامی (حسێن)ـە کە زۆر سەیرە بە نیسبەت ئێمە، لە (١)ی مانگی موحەڕەم تاکوو ٩ پێی دەگوترێ (زنجیل) و(ە) (لطم)، یەعنی لە خۆدان بە زنجیر لە پشتیان و(ە) پشتیان ڕووت دەکەنەوە، ئینجا ئەوی زۆر موتەحەمیس بی لۆ حسێن، ئەوە زۆر بە توندی لەخۆی دەدا و(ە) خوون دێتە خوار، ئەوە کەنگین، ئێواران سەعات ٥- ٥,٥ و(ە) لەبۆ شەوی پاش ئەو کە پێی دەڵێن «سبایة»، یەعنی لەخۆدان بە دەستیان و(ە) بە شێوەیەکی زۆر سەیر لە سنگیان دەدەن و گۆرانی تایبەتیشیان هەیە کە دەیلێن لە مەدحی ئیمام حسێن و(ە) شتی تریش و(ە) ئەوەش لە سەعات ٥ ,١٠، هەر نۆ (٩) ڕۆژان بە شەوەوە، لە ڕۆژی نۆیەم لە ئێوارە بە زنجیر لەخۆدان دەچن بۆ جێیەک کە (٥) دەقیقە دوورە بە پێیان، بەڵام بە سەبری دەڕۆن، دەیکەن بە سەعاتێک تا دەگەنێ و(ە) پێی دەڵێن «سید نعمة» گۆیا پیاوەکی گەورە و سەییدە کە پار مرد و(ە) بۆ شەوەکە لە سەعات ٥ ,١٠ وتمان سبایە دەردەچی بۆ عەینی جێ و(ە) ئەو شەوە کە پێی دەڵێن (حیة)، یەعنی لە (یحیی) وەرگیراوە، وەلحاصل یەعنی نەنووستنی ئەو


ماموستای بەرێزم — لە ئازاد —
زۆرم پێ خۆش بوو کە ئەم چەند قسەیەت لۆ
بنووسم، کە لەوانەیە پێت خۆش بی وە کەیفت
بەم جۆرە شتانە بێ وە سوودێکیش لێوە بگری.
لەم چەند رۆژانە کە مانگی (محرم)ە وە مانگی کوشتنی
ئیمامی حسینە کە زۆر سەیرە بە نسبەت ئێمە لە (١)ی
مانگی محرم تاکو ٩ پێی دەگوترێ (زنجیل) وە (لطم)
یعنی لەخۆدان بە زنجیر لە پشتیان وە پشتیان رووت
دەکەنەوە ئینجا ئەوی زۆر متحمس بی لۆ حسینە
ئەوە زۆر بە توندی لەخۆی دەدا وە خوون دێتە
خوار. ئەوە کەنگێ ئێواران سعات ٥ - ٥،٥ وە
لەبۆ شەوی پاش ئەو کە پێی دەڵێن «سبایة» یعنی
لەخۆدان بە دەستیان وە بە شێوەکی زۆر سەیر لە سنگیان
دەدەن وە گۆرانی تایبەتیشیان هەیە کە دەڵێن لە مدحی
ئیمام حسین وە شتی تریش وە ئەوەش لە سعات
٥،١٠ی هەر نۆ (٩) رۆژان بە شەو. وە لە رۆژی نۆیەم
لە ئێوارە بە زنجیر لەخۆدان دەچن بۆ جێیەک کە (٥)

شەوە و(ە) مانەوە تاکوو سبەینێ و(ە) لەوێ شەرابی پرتەقاڵ دەخۆنەوە، (وە) ئەو عالەمە بە گەورە و گچکە تاکوو سبەینێ سەعات (٥) هەر بە خەبەر دەبی (دەبن) و(ە) جغارە خواردن زۆر دەبێ. (وە) بۆ سەعات پێنج (دەست دەکەن)، جەماعەتێک کە هەموویان جلکی سپییان (بلووری) لەبەرە و(ە) پێش ناوچەوانیان تراشیوە، دەست دەکەن بە لەخۆدان بە (قامە) وەکی خەنجەرە و(ە) ئەو خوونە دێتە خوار بەسەر ئەم بلوورییە سپییە و(ە) عالەم دەبی دوور ڕاوەستی، چونکە ئاگایان لەخۆ نامینێ و(ە) لەوانەیە کە لە یەکێکی تر بدەن و(ە) دەچن بۆ حەمام و(ە) پاش خۆشووشتن بۆ خەستەخانە و تیمار کردن و(ە) بەم جۆرە خەلاس دەبی و(ە) وەقت و جێگاش ڕێ نادا تا زۆرتر بۆ بنووسم. ئەوە برێشکە (٢) خواردنیش مەمنووعە خواردنی، تاکوو ئەم ١٠ ڕۆژە خەلاس دەبی.

**(١) ئەم نامەیە مێژووی نووسینەکەی لەسەر نەنووسراوە، بەڵام بۆ ناوەڕاستی شەستەکان دەگەڕێتەوە کە لە باشووری عێراق (قەلعە سوکەر)دا دەژیان.**

**(٢) ئازاد: مەبەست لێی (ئازاد بیلال بەهائەددین)ـە، کە لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەی ژیانییەوە نووسراوە.**

**(٣) برێشکە: چەرەس، جاران لە هاوینان تۆی شووتی و کاڵەک وشک دەکرانەوە و دەیانبرژاندن، ئەوە برێشکەبوو.**

*** نامەی دووەم**

بەغدا

١٩٦٧/٩/٢٧

بسم الله الرحمن الرحیم


بۆ زۆر موحتەرەم و (ە) کاکی بەڕێز

جەنابی کاکە تاهیر گیان پێشکەشە

ڕۆژ باش

بە دڵ و (ە) بە گیان هەواڵتان دەپرسـ(ـە)م و (ە) ئومێدەوارم کە دائیمە لەوپەڕی خۆشی و کامەرانیدا بن و (ە) هەمیشە پێشکەون بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان بە نووسین عەزیزم.

لەم ڕۆژانەدا چووم بۆ ماڵی کاک محەمەد تۆفیق و(ە)ردی و(ە) نامیلکەکەی جەنابتم لێ وەرگرت لە بابەت (مێژ(وو)ی کۆیە) (٢) و (ە) بەڕاستی جێگای فەخر و شانازییە و(ە) ئەم مێژوو(یـ)ـەی ئەم شارە مێژوو(یـ)یەی ناو کوردەواری، بەڕاستی لە جێگای خۆیەتی، بەڕاستی گەشە بە دڵ ئەدات، ئەم جۆرە کردەوانەکە زۆر بە نرخ و بەهاداره (ن)، هیوام وایە لە کاروانی خـ(ـە)زمەت دوا نەکەون و (ە) هەمیشە بەرەو پێشکەوتوو (پێشکەوتن) بـ(ـە)ڕۆن و (ە) لە پشتی لاپەڕەی دوایـ(ی) (مێژووی کۆیە – کویسنجق)دا (ئەم) ناوی ئەم نامیلکانەت نووسیوە کەوا بەم زووانە دەخرێتە (دەخرێنە)



ژێر چاپەوە، چاوەکەم ئەگەر چاپت کرد (ن) و(ه) هەریەکەی سەر و ژمارەیەکم بۆ ب(ـە) نێرە، جا بە حەواڵەی بەریدا حەقەکانی بۆتان ئەنێرم، ئیتر چاوەڕوانم برای خۆشەویست و دڵسۆزی بەڕاست بۆ گەل، وێنەتان زیاد بێ لەناو کۆمەڵدا، ئامین.

(١) شەوچەرە (٢) گاڵتەوگەپ (٣) کورتە چیرۆک (٤) ڕاز و پەندی پێشینان (٥) قسەی خۆشی ناو کوردەواری. (٣)

ئیمزا

برات/ دڵسۆز

شێخ هادی شێخ حەسەن پشدەری

ناوونیشانم:

بەغداد/ تل محمد

مخزن مديرية مصلحة البريد والبرق العامة

**(١) محەمەد تۆفیق وردی، (٢) مێژووی کۆیە، لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیانەوە نووسراوە. (٣) بەشی زۆری ئەو کتێبانەی م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی لە چاپ دراون، بەڵام کتێبی کورتە چیرۆک و قسەی خۆشی ناو کوردەواری تا ئێستاش بەدەرنەکەوتوون.**

*** نامەی سێیەم**

<u>بغداد</u>

١٩٦٧/١٢/١٥

جومعە - هەینی

بەناوی خوای گەورە

بۆ برای خۆشەویستم جەنابی کاک تاهیر گیان پێشکەشە

برام، ڕۆژ باش


چاوەکەم هیوای خۆشی و کامەرانیت لە یەزدانی گەورە دەخوازم و(ه) (ئەگەر) هەواڵی ئێمەیش دەپرسیت، ئەلحەمدولیللا مەسروورین عەزیزم.

نامەکەتم وەرگرت، پێ(ی) مەسروور و دڵخۆش بووم، خوا لە برایەتیت کەم نەکاتەوە، ئامین، و(ه) کە درەنگ جوابم دایەوە هیوام وایە دڵگیر نەبیت، چونکی کەمێک ناساغ بووم و(ه) سەر(ه)ڕای ئەوەیش مەخزەن ئەگوێز(ر)ێتەوە، زۆر مەشغووڵی ئیشوکارین، ئیتر ئومێدم وایە کە ب(ـە) بووریت عەزیزم.

چاوەکەم کاک وردی عەرزی سڵاو تەقدیم دەکات و(ه) ئومێدەوارم ژمارەیەکم لە مێژووی کۆیە بە پۆستەدا بۆ ب(ـە)نێریت، جا چۆنت ویست وا پارەکەت، حەقی کیتابەکە پێشکەش دەکەم.

ئیتر منداڵەکانمان دەستتان ماچ دەکات (دەکەن)، ئیتر خۆشی و شادیتان لە یەزدان ئەخوازم برای هاوڕازم.

**بغداد: تل محمد**



مخزن مديرية مصلحة البريد والبرق العامة.

ئیمزا

برات

شێخ هادی شێخ حەسەن

پشدەری

*** نامەی چوارەم**


**مامۆستای بەڕێز تاهیر ئەفەندی پێشکەشە**

پـاش هـەواڵ پرسـینت، ئومێدەوارم کە هـەردەم سـەرکەوتوو بی.

نامەکـەت گەیشـت زۆر پێـ(ی) خۆشـحاڵ بـووم و (ە) دەربـارەی فرۆشـتنی کیتابەکـەت (مێـژووی کۆیە) بـە چەنـد کۆییانـم گـوت، دەڵێن کڕیومانـە، چونکـە لێـرە لـە مەکتەبـەی سـۆلاف چەنـدان نوسـخەی لێیـە، خـۆم یەکێکـم کڕیـوە، بـەڵام تـۆ بـۆ ئـەو مامۆسـتایانەی کـە لـە هەولێـرن و کۆییـن، یاخـود برادەرانـی تـرت نامەیـان بـۆ بنووسـە و(ە) لەگـەڵ نوسـخەیەک لـە کیتابەکـە بـۆ منـی بنێـرە تاکـوو مـن لێـرە بیـان دەمـێ و پارەیـان لـێ وەرگرم، و (ە) وا بزانـم ئـەم ڕێگەیـە باشـترە لـەوەی کـە مـن لێیـان دەپرسـم، دەڵێـن هەمانـە، ئینجا نازانـم تـۆ ناردووتـە بـۆ مەکتەبـەی سـۆلاف، یـان نـا؟ چونکـە ئـەو مەکتەبە (یـە)ش هـی کۆییانـە، هیـی (سـەیید ئەحمـەد سـەیید سـاڵح ئەفەندی)یـە (١).

ئیتـر هەواڵـی هەمـوو مامۆسـتاکان دەپرسـم و (ە) ئەگـەر نوسـخەکانت نـارد بـە یەکێـک بـ(یـ) نێـرە کە زوو بـە دەستم بگات، چونکـە لـە پاش ئیمتیحـان دێمـەوە کۆیـێ.

ئیتر خۆشیت



ئیمزا

بچووکت

ڕەفیق عەبدولڕەحمان (٢)

(١٩) ٦٨/٤/١٠

**(١) سـەیید ئەحمـەد سـەیید ساڵح ئەفەندی: کە خاوەنـی کتێبخانـەی (التأميم) بـوو لـە هەولێـر، لـە ژمارەکانی ڕابـوردوودا لـە بارەیـەوە نووسـیومانە.**

**(٢) ڕەفیـق عەبدولڕەحمـان: هیـچ زانیارییەکمـان لـە بارەیـەوە بـە دەسـت نەکـەوت.**

*** نامەی پێنجەم**

١٩٧٠/٣/١٢

ڕانیە

مامۆستای زۆر بەڕێز کاکە تایەر حەوێزی

هەموو کاتت هەر شاد بێت.

بـرای مـەزن تکایـە و (ە) تکایـە بـە زووتریـن کات (کۆکـراوەی مێـژووی ڕانیەمـان) بـۆ بنێرنەوە، بەڵکـوو لێـرە بەهـۆی قایمقـام جێبەجـێ بکرێـت.

بـرای مـەزن ئەمـە دووەمیـن نامەیـە لـەم بابەتـەوە کـە پێشکەشـمان کـردی،

ئیتر خۆشیت دڵسۆزانت

مەلا سەلام (١) ئیمزا

(وە) عەبدولجەبار (٢) ئیمزا

لـە کۆتاییدا گەرمترین سـەلام و پیرۆزبایی جەژنی ڕزگاری و ئاشتی و شـادیتان لێ ئەکەین (٣).

**(١) مـەلا سـەلام (٢) عەبدولجەبـار، دوای پرسـیار و سـۆراغکردن هیچمـان لـە بارەیانـەوە نەزانـی، زۆر سپاسی هـەر کەسێک دەکەین زانیارییـان لەبارەیانـەوە هەبێ ئاگەدارمـان بکەنـەوە.**

**(٢) پیرۆزبایی جەژنی ڕزگاری و ئاشتی و شـادی، ئاماژەیـە بـەوەی ئـەو نامەیـە ڕۆژێـک لـە دوای جاڕدانی ڕێکەوتننامـەی (١١)ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ نووسـراوە.**

*** نامەی شەشەم**

**کەرکووک**

**جەلال حەوێز حەوێزی (١)**


**١٩٧١/٣/٣٠**


**بـۆ بـرای بەڕێـز و خۆشەویسـت کاک تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی**

**پێشکەشە**

**هەموو کاتێکتان شادومانی بێت**

لـە پـاش پرسـینی تەندروسـتیتان و (ە) چـاو ماچکردنـی منـداڵان و (ە) سـڵاوێکی زۆرمـان بـۆ دایکیـان. زۆر سوپاسـمان بـۆ خـودای مەزنمـان، زۆر باشـین و (ە) هەرگیـز خۆشـی و باشـی ئێوەمـان داوایـە. نووسـراوتان بـە دەسـتمان گەیشـت، زۆر سوپاسـی هەسـتی بەرزتـان ئەکەم. لە خودای گەورە داوا ئەکەیـن کـە ئێـوە لـە تەنگوچەڵەمـەی (ی) وا بتانپارێـزێ. لەوەتـیماڵەکـەم بـێ دایکی منداڵانـە، لێم بۆتـە کونـە ئەشـکەوتی بـێ ئـاو(ە) و (ە) کاری خـودا چەنـد جوانـە، هـەر خـۆم بـووم بـە کابانـی گـەورە لـە مـاڵ، منـداڵان بـۆ قوتابخانـە بـەڕێ ئەکـەم و (ە) بـۆ کاتـی گەڕانەوەیـان خواردەمەنییـان بـۆ ئامـادە دەکـەم و (ە) ئەمـەی بـاش و خـۆش بـێ لـە پێشـا خـۆم ئەیخـۆم، تـازە تێگەیشـتم لـە قازانجـی کابانەتـی، جـا لێـرەوە پێـڕەوی کابانەتـی لـە مـاڵ ئەگـۆڕم، ئەبـێ کـە هاتـەوە ڕۆژێـک دایـک و (ە) ڕۆژێـک بـاوک کابـان بێـت. بزانـە چونکـی قازانجـی خۆیـان لـەم ئیشـەدا هەیـە، ڕۆژێـک لای ئێمـە دەنگیـان نەکـردووە، هـەر ئەڵێـن کابـان بـە هەڵمـی چێشـت تێـر ئەبـێ، جـا وەرە پێیـان بـڕوا بکـە و (ە) ئیتـر.





زۆر شوکر دایکی جەوهەر تەندروستی باشە و (ە) خودای گەورە نەجاتی داوە لە تەنگوچەڵەمەی، هیوادارم بۆ ٧١/٤/٣ (١٩) بگەڕێنەوە و (ە) ماڵەکەم ئاوەدان بکەنەوە. و(ە) لە ترسی گەڕانەوەیان و قیرە قیڕ و بگرە و بەردە نەبایە، وا مانگێکە بۆ خۆم کابانێکم پەیدا ئەکرد، من وەک بەعزێ کەس لێیان ناترسم، بەڵام ئاخوداخ پیریەتی پشتی شکاندووم و (ە) چەندی خۆم ئازا ئەکەم بە پیریەتی ناوێرم، بە هەڵاتنیش لە دەستی قوتار نابم، جا هەواڵی کەرکووک، بە سەمەد ئاغا (٢) سڵاو و بەعزە ڕوونکردنەوەی پسیارت، بۆم ناردی، بەڵێ لە کەرکووکیش ئاوی تەماتە و (ە) لیمۆن دوزی و (ە) گڵۆپی سفر و (ە) زۆر شتی تریش دەست ناکەوێت، بەڵام وا ئاردێکی تەواو هاتووە و (ە) خودای گەورە ڕۆژی ٣/٢٧ ڕەحمەتێکی زۆری بۆ ناردی (ن)، باغچەکەم ئاو دراوە، (وە) ڕووباری کۆیەش لام وایە ئاودار بێ و (ە) لەوەڕ و گیا و(ە) داروردەخت گەش و جوان ببنەوە، ئیتر بە خۆشی بژین و (ە) سڵاوم بۆ هەموو خزم و برادەران هەیە، هێشتا نووسینم زۆر مایە، بەڵام پێویستییەک تازە ڕووی دا، بە کورتی لێرە بڕیمەوە وەلسەلام.

ئیمزا

دڵسۆزتان

**(١) جەلال حەوێز حەوێزی: لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.**

**(٢) سەمەداغا: لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.**

*** نامەی حەوتەم**

**بغداد**


**تل محمد**

**١٩٧٢/٣/٢٢**

**بەناوی بێ وێنە**

**برای ئازیزم کاکە محەمەد تاهیری (١) بەڕێز**

**هەواڵمان ئەپرسیت ئەلحەمدولیللا مەسروورین، خۆشی و مەسرووری ئێوەش لە زاتی پاک داواکارین عەزیزم. عەزیزم مودەتێکە بێ خەبەرم لێتان، ئێوەش هەروا، بەڵام هیوام وایە کە لە خۆشیدا بن، ئێوە وا ئێمەتان لە فکر چۆتەوە، بەڵام بەڵێ ئاخری نامەی کە بۆت ناردم من وەڵامەکەم تەفرە دا (بازم بەسەر دا)، بەڵا (م) ئەبێ بـ(ـە) بووریت عەزیزم، لەبەر ئەوە جوابم زوو نەدایتەوە، هەر هەوڵ (ـە)م ئەدا کە لەم لا و لەو لا هەندێ قسەی خۆش و (ە) نوکتەی باشت بۆ کۆبکەمەوە، بەڵام چاوەڕێ بە هەموویانت بەسەریەکەوە بۆ ئەنێرم، بۆ بەشی دووەمی (نامیلکە) (پەڕتووکەکەتان) ئەوا جارێ لە پێشەوە ئەم نامەیەم بۆ ناردیت، هیوام وایە لێم قەبووڵ بـ(ـە)کەیت و (ە) ئایا کەی بەشی دووەمی کیتابەکەتان دەکەوێتە ژێر چاپەوە و**



(ە) ئایا بەم زووانە نایە (یـ)ت بۆ بەغدا و (ە) کەی دێ (یـ)ت؟

(وە) کە لە بەهارا هاتیت بێ بەشمان مەکە لە (ماست) و (پەنیر)ی کۆیە، ئیتر چاوەڕوانین عەزیزم، ئایا پێوەندیت هەیە لەگەڵ قۆنتەراتچی، یا بە خزم ئەتگاتێ، ئەگەر بۆت ئەکرێت بینای تازەی بە دەستەوەیە، بەشکی نامەیەکمان بۆ بـ(ـە)نێریت هەتا ئێمەش بیبەین بۆ کاک حەسیب شێخ ساڵح (٢) بۆ ئیشکردن جەماڵی نۆکەرتان، ئیتر چاوەڕێی جوابی نامەی خۆشی و خۆشبەختیتانم عەزیزم، ئیتر ئەبێ لە فکرت نەچێت نامەیەک بۆ حەسیب شێخ ساڵح لە بابەت ئیش پێ کردنی (جەماڵ)ـەوە، ئیتر چاوەڕوانی هیمەتی بەرزتانم عەزیزم.

سڵاو لە زێنەب خانمی براژنم ئەکەم و (ە) عائیشە عەرزی سڵاوتان تەقدیم ئەکات.

جەماڵ، کەماڵ، جەمیلە، سەلما، سەلام (٣) دەستتان ماچ ئەکات (ئەکەن) وەلسەلام.

بغداد/ تل محمد

مخزن البريد العام

مديرية المعامل والمخازن

(الـ)برق والهاتف

ئیمزا

برات چاوەڕوان

شێخ هادی شێخ حەسەن پشدەری

پەراوێزەکان:

(١) کاکە محەمەد تاهیر: مەبەست لێی (م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی)یە، زۆرجار لە کوردەواری محەمەد دەچووە سەر ناوی کەسەکان، لە سلێمانی حەمە چووەتە سەر ناوی کەسەکانەوە.

(٢) حەسیب شێخ ساڵح: ئەندازیارێکی بەناوبانگی کوردە، بە ڕەچەڵەک خەڵکی گوندی (خەرپانی) سەر بە ناوچەی هەورامانە، لە ١٩٣٠/١٢/١٢ لە شاری کەرکووک لە دایک بووە، ساڵی ١٩٥٤ کۆلێژی ئەندازیاری بە پلەی یەکەم تەواو کردووە، لەبەر زیرەکی و لێهاتوویی، مەلیک فەیسەڵ خەڵاتی کردووە، لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکان بووە بە سەرۆکی بەڵێندەرەکانی عێراق، دواتر بووە بە سەرۆکی بەڵێندەرانی هەموو عەرەب، بەڵام بە ئاشکرا شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە کردووە. حەسیب ساڵح کە خاوەنی هوتێلی سلێمانی پالاسە، چەندان پرۆژە و تەلاری دیکەی لە شاری سلێمانی و بەغدا و کەرکووک دروست کردووە، کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر بووە، لە کاری بەڵێندەرایەتی بە کەسێکی ڕاستگۆ ناوی ڕۆییوە، خزمەتێکی زۆری بە جوانکردنی شاری سلێمانی و پیشەی ئەندازیاری کردووە. زۆر چاک دەیتوانی ببێتە وەزیر، چونکە زۆر جار داوایان لێ کردووە، بەڵام ئەو ڕەتی کردووەتەوە، زۆر هاوکاری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە. لە ٢٠١٢/٢/١٨ لە (عەمان)ی پایتەختی ئوردون کۆچی دوایی کردووە.

(٣) ناوی منداڵەکانی خۆیەتی.